

# کورتەیەک لە ژیانی کارل مارکس و پوختەیەک لە مارکسیسم

(٤)

**نووسینی : و . ا . لنین**

**وەرگێڕانی : ناسر ئەمین نژاد**

- ## فێرکردە ئابورییەکانی مارکس

مارکس لە پێشەکی «کاپیتاڵ»دا دەڵێ: «دوا ئامانجی ئەم بەرهەمە ئەوەیە کە بە شوێن قانونی ئابوری حەرەکەتی کۆمەڵگای هاوچەرخ، واتە سەرمایەداریدا بگەرێ و بیدۆزێتەوە.[١]» بەمجۆرە جەوهەر و کاکڵەی ئەم فێرکردە ئابورییانە ئەوەن کە چۆنیەتی رەوتی سەر هەڵدان، بەخۆداهاتن، پێگەیشتن و نەمانی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانی هەر کۆمەڵگایەک لە هەلومەرجی دیاری مێژوویی خۆیدا لێکبداتەوە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بەرهەمهێنانی <u>کالا</u> باڵادەستە، لەم رووەوە لێکۆڵینەوەکانی مارکسیش لە شیکردنەوەی کالاوە دەست پێدەکات.

### ١. کالا[٢] و بایی [٣]

کالا بریتییە لە هەر شتێک یان شمەکێک کە پێداویستییەکی ئینسان بەجێ دێنێ، هەروەها شتێکە کە لەگەڵ شتێکی دیکەدا دەگۆڕدرێتەوە. بە رادەی بەکەڵک بونەکەشی دەوترێ <u>بایی بەکارهێنراو</u> واتا ئەرزشی مەسرەف. بایی یان ئەرزشی ئاڵوگۆڕ یان سادەتر بڵێین "بایی" بەر لە هەر شتێک بریتییە لەو پێوەندی و هاوسەنگییەی کە کاتی ئاڵوگۆڕ لە نێوان چەند باییەکی بەکارهێنراو لە یەکجۆر لە گەڵ بایی بەکارهێنراوەکانیتر لە جۆرێکی دیکە دادەمەزرێ. ئەزمونی رۆژانە دەری دەخات کە بەردەوام بە ملوێن و بە میلیارد لەم ئاڵوگۆڕانە کە ئەرزشە مەسرەفییەکانیان لێک جیاوازن و لە ئاستی یەکتردانین، هاوسەنگ دەکرێن. ئێستا با بزانین چ خاڵێکی هاوبەش لەناو ئەم هەمو کەلوپەلە جۆراوجۆرانەدا هەن کە لە سیستەمی پێوەندی دیارییکراوی کۆمەڵایەتیدا بەردەوام هاوسەنگ دەکرێن؟ لایەنی هاوبەشیان ئەوەیە کە هەمویان **<u>بەروبومی کارن</u>**. خەڵک لە کاتی ئاڵوگۆڕی بەروبومەکاندا گەڵێک کاری ناهاوچەشن، بەڵام پێویست بۆ بەرهەمهێنانی کالا، پێکرادەگرن. بەرهەم هێنانی کالا سیستەمێکی پێوەندی کۆمەڵایەتی وەهایە کە بەرهەم هێنەرە جۆربەجۆرەکان تێیدا بەروبومی جۆربەجۆر دروست دەکەن[٤]، هەروەها ئەم بەروبومانەش لە کاتی ئاڵوگۆردا لە گەڵ یەک هاوسەنگ دەکرێن. کەوابو خاڵی هاوبەشی هەمو کالاکان کاری رووتی(مجرد) ئینسانییە، واتە کاری ئینسان بە شێوەیەکی گشتی، نەک کارێکی تایبەت لە لقێکی دیاریکراوی بەرهەمهێناندا. ئەگەر سەرجەمی هێزی کاری هەر کۆمەڵگایەک وەک تێکرای ئەرزشی هەمو کالاکان بخرێتە بەرچاو، دەبینین کە هیچ شتێک نیە جگە لە هێزی کاری ئینسانی و بە میلیارد ئاڵ و گۆری رۆژانە ئەم باسە دەسەلمێنێ.

لەم رووەوە دەتوانین بڵێین هەر کالایەک تەنیا بەشێکی دیاریکراوە لە ماوەی کاری پێویستی کۆمەڵایەتی. ئاست و پلەی ئەرزشی هەر کالایەکیش لە رووی چەندایەتی کاری کۆمەڵایەتی پێوست، یان ماوەی کارێک کە کۆمەڵگا بۆ بەرهەم هێنانی کالایەک و ئەرزشی مەسرەفی ئەو کالایە پێویستی پێی هەیە، دیاری دەکرێ. «کاتێ خەڵک بەروبومە جۆربەجۆرەکانی خۆیان لە باری ئەرزشەوە هاوسەنگ دەکەن، لە راستیدا بەکردەوە کارە جۆربەجۆرەکانی

---

[١] ـ بڕواننە وەرگێڕدراوی فارسی ئەم بەرهەمە, بەرگی یەکەم لاپەرەی ٥٢

[٢] ـ کالا، واتە شمەک، یان کەلوپەل، لێرەدا مەبەست ئەو واتا ئابوورییەیە کە بۆ کڕین و فرۆش و گۆڕینەوە بە شتێکی تر دەست ئەدات و پێداویستی یان ئاتاجێکی ئینسانەکان بەراوردە دەکات.

[٣] ـ لە نووسینی کوردیدا لە جیاتی بایی یان ئەرزش وشەی «نرخ»یش بەکار هاتووە پێموایە بایی برێک زیاتر لە مانا و واتا زانستی ـ ئابوورییەکەی نزیکتر بێت، بۆیە ئەو دووەم زۆرتر بەکار هێناوە. «نرخ» زۆرتر بۆ «قیمەت» دەستئەدات، کە ئەوانە هەر کامیان لە زانستی ئابووریدا جیاوازییەکی ورد و باریکیان لە بەیندا هەیە.

[٤] ـ ئەمە یانی دابەشبونی کاری کۆمەڵایەتی.

خۆیان لە باری ئەرزشەوە هاوسەنگ یان بەرامبەر دەکەن. ئەوانە خۆیان نازانن بەلام بەکردوە وا دەکەن[5]» ئابوری زانێکی کۆن دەڵێ; ئەرزش بریتییە لە پێوەندی نیوان دوو کەس. بەلام دەبوو ئەوەشی پێ زیاد بکردایە کە ئەم پێوەندییە لە ژێر پەردەیەک لە شتومەکدا شارداروەتەوە و تەنیا کاتێ دەکرێ لە مانای ئەرزش بگەین کە لە روانگەی قەوارەی پێوەندییەکانی شێوەبەندی کۆمەلایەتی- بەرهەمداری و مێژووییەوە چاوی لێ بکەین، یانی لە روانگەی ئەو پێوەندییانەوە کە لە دیاردەی گشتی و هەردەم دوپاتەوە بووی ئاڵوگۆردا خۆ نیشان دەدات. «کالاکان وەک ئەرزش هیچ شتێک نین جگە لە چەندایەتییەکی دیاریکراو لە ماوەی کارێک کە تێی چووە.[6]» مارکس پاش شیکردنەوەی وردی تایبەنمەندی دوو لایەنەی کارێک کە لە کالادا رەنگی داوەتەوە، دەست دەکا بە تاوتوێ کردنی شێوەکانی ئەرزش و پوڵ. لێرەدا کاری سەرەکی مارکس ئەوەیە کە;

- لە سەرچاوەی نەوع و جۆری ئەرزشێک کە بە پوڵ دیاری دەکرێ واتە ئەرزشی پوڵی بکۆڵێتەوە.
- رەوتی مێژوویی پەرەسەندن و هەڵدانی ئاڵوگۆڕ هەر لە شکڵی سادەی ئاڵ و گۆڕەوە[7]- بگرە هەتا شێوەی گشتی ئاڵ و گۆری ئەرزشەکان[8] و تا دەگاتە شێوەی پوڵیی ئەرزش[9] تاوتوێ بکات. پوڵ کە بۆخۆی بەرزترین بەرئەنجامی هەڵدانی ئاڵوگۆڕ و بەرهەم هێنانی کالاییە، تایبەتمەندی کۆمەلایەتی کاری تاکە کەسی و پێوەندی نێوان بەرهەمهێنەرە پرژوبلاوەکان دەشارێتەوە، کە بەهۆی بازارەوە بە یەکترەوە بەستراونەتەوە.

بەمجۆرە دەبینین کە مارکس بە وردبینییەکی لەرادەبەدەر ئەرک و دەورە جۆربەجۆرەکانی پوڵ لێکدەداتەوە. حەتمەن دەبێ ئەوەش بزانین کە لێرەدا (بە گشتی لە هەموو بەشە سەرەتاییەکانی کاپیتالدا) دەربڕینێکی وشک و لێکدابراوی رووت(تجریدی) دەبینین، کە بە رواڵەت لە شێوەی "دێدووکسیون"[10] دەچێ. بەلام ئەمە لە راستیدا پوختە و کاکڵەی لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی هەموو نمونەکان و زانیارییەکانی لە بابەت مێژووی هەڵدانی ئاڵوگۆڕ و بەرهەمی کالاییە.[11] «سەرهەڵدانی پوڵ پێوەندی بە ئاستێکی دیاریکراو لە ئاڵوگۆڕی کالاییەوە هەیە و شێوە جۆربەجۆرەکانیشی ئەمانەن:

---

[5] - کتێبی «کاپیتال» بەرگی یەکەم. بڕواننە وەرگێردراوی فارسی ئەم بەرهەمە, بەرگی یەکەم لاپەرەی ١٠٥

[6] مارکس, " لە رەخنە لە ئابوری سیاسی"

[7] - ئەو کاتەیە کە ئاڵ و گۆڕی ئەرزشەکان روداوێکی بە هەڵکەوت و بەجیا بەجیا بوون، کە تێیدا برە کالایەک لە گەڵ برە کالایەکی دیکە دەگۆڕانەوە.

[8] - ئەو دەمەیە کە تێیدا کومەڵە کالایەک لە گەڵ یەک کالای دیار ئاڵوگۆڕ دەکرێن.

[9] - کە تێیدا زێڕ دەبێتە هەمان کالای دیاریکراو, یان دەبێتە پارسەنگێکی گشتی بۆ هەمو کالاکان.

[10] - دێدووکسیون،( Deduction) واتە رەوتی گەیشتن بە ئەنجامێکی مەنتقی، کە تێیدا لە گشتەوە(عام) دەچێ بۆ تایبەت(خاص) و لە هەمووەو(کل) دەگا بە بەشەکان (جزء) و هەروەها لە دەستاوێژ و سەرەتا گشتییە دیاریکراوەکانیش (معین) ئەنجامی تایبەت (مشخص) وەردەگرن.

[11] ـ ئەوەی راستی بێت ئەم بابەتە بە تایبەت و بابەتەکانی فەلسەفی و ئابووری بە گشتی پێویستییان بە لێوردبوونەوەی زیاتر و لێکدانەوەی و تێگەیشتنی ناوەڕۆک و مانای دروستییان هەیە. بابەت یان مەقوولە، یان کاتێگوریی ئەو کاکڵەیە کە گشتیترین پێوەندییەکان و شێوە و لایەنەکانی هەر دیاردە یان شتێک دەربڕیت. هەر زانستێک کاتێگوری یان بابەت و مەقوولەی تایبەت بە خۆی هەیە و هەر کامەیان گشتیترین لایەنێکی بنەرەتی ئەو زانستە بەیان دەکەن. بۆ وێنە هێز، توانا، ئەتۆم، ئینرژی بابەتی سەر بە زانستی فیزیکن، یان زمان، زاراوە، وشە رێنووس ئەو بابەتانەن کە لە چوارچێوەی زانستی زمانناسی دان. هەروەها کالا، بایی، زیدەبایی و هێزی کار نمونەی ئەو بابەت و کاتێگورییانەی زانستی ئابوریین، لە زانستی فەلسەفەشدا گەلێک بابەت و مەقولەی گرینگی وەک ماددە، بزووتن، وشیاری، زەمان و مەکان، شێوە و ناوەڕۆک یان سەرخان و ژێرخانی کۆمەلایەتی، شێوەی بەرهەمهێنان، دژایەتی، چینی کۆمەلایەتی، شۆرش هەروەها تاک ، هەموو، تایبەت، گشت( مفرد، کل، خاص، عام) هەناو و دیاردە(ماهیت و پدیدە) و هیتر هەن کە هەرکامەیان لە خانەی ماتریالیسمی دیالکتیک یان مێژوویدا جێگا دەگرن. ئەمانە گەلێک گرینگن، بناخەی زانستی مارکسیستی لەسەر لێکدانەوەی زانستییانەی ئەو بابەتانە و هەروەها دیتنی پێوەندی دیالکتیکی نێوان ئەو بابەتانە دامەزراوە. بینینی ئەو پێوەندییانە بۆ ناسین و بۆ بیرورەوانگەی دیالکتیکی و

- پوڵ وەک پارسەنگێکی سادە،
- وەک هۆیەک بۆ دەستاودەست کردن و گەڕان،
- بۆ پاشە کەوت کردن و پولی جیهانی.

هەر کام لەم شێوانە بەو پێیەی کە زۆرتر بۆ کام یەک لە ئەرکەکانی بەکار دێت و کامەیان کەم تا زۆر باڵا دەستن، هەر بەو پێیەش پلە زۆر لێک جیاوازەکانی ڕەوتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات»[١٢]

- **زێدەبایی**

پوڵ لە پلەیەکی دیاریکراوی بەرهەم هێنانی کالاییدا دەبێ بە سەرمایە. فورمولی گەڕان و دەستاودەست کردنی کالا بەمجۆرە بوو: **«کالا ـ پوڵ ـ کالا»** یانی فرۆشتنی کالایەک بۆ کڕینی کالایکی دیکە. بەڵام بە پێچەوانە فۆرمولی گشتی سەرمایە بەمجۆرەیە: **«پوڵ – کالا – پوڵ»** واتە کڕین بە مەبەستی فرۆش (بۆ قازانج) مارکس ئەم زۆر بونی ئەرزشی سەرەتاییەی پوڵ بە *زێدەبایی* ناو دەبات. هەموان دەزانن کە پوڵ لە کاتی گەڕانی سەرمایە «زۆر» دەبێ و هەر ئەم «زۆر بونەشە» کە پوڵ دەکاتە سەرمایە. دەیکاتە پێوەندییەکی تایبەتی و لە باری مێژووییەوە دیار و دەست نیشانکراو بۆ بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی. زێدەبایی ناتوانێ لە دەستاودەست کردنی کالا بە دەست بێت، چونکا لەم گەڕانەدا هەر پارسەنگەکانن کە ئاڵ و گۆڕ دەکرێن. هەروەها *زێدەبایی* لە گرانفرۆشتنەوەش بە دەست نایەت، چونکا هەر دوو لایەنی کڕیار و فرۆشیارەکان لە ئاخردا یەکتر پوچەڵ دەکەنەوە. سەرەڕای ئەمانەش قسەمان لە دیاردەیەکی گشتی، ناوەندی و کۆمەڵایەتییە نەک دیاردەیەکی هەڵاوردە و تاقانە. خاوەن پوڵ بۆ ئەوەی *زێدەبایی* بەدەست بێنێ «دەبێ لە بازاردا کالایەک ببینێبەوە کە لە ڕەوتی بەکارهێنانیدا بۆخۆی سەرچاوەی خوڵقاندنی ئەرزش(بایی) بێت[١٣]» واتە کالایەک کە ڕەوتی بەکارهێنانی، لە هەمان حاڵدا ڕەوتی پێکهاتنی ئەرزشیش بێت. کالایەکی ئەوتۆ، بەم تایبەتمەندییەوە لە بازاردا وجودی هەیە، ئەویش **هێزی کاری ئینسانە**. وەگەڕخستنی ئەم کالایە یانی **کار**، کاریش لەم ڕەوتەدا بۆخۆی ئەرزش دەخولقێنێ. خاوەن پوڵ هێزی کار بە پێی نرخێک کە بۆی براوەتەوە دەکڕێ، کە ئەمەش وەک ئەرزشی هەر کالایەکی دیکە لە ڕوی ماوەی کاری کۆمەڵایەتی پێویست داندراو، واتە نرخێک بۆ ڕاگرتن و هێشتنەوەی کرێکار و خێزانەکەی.

خاوەن پوڵ کە هێزی کاری کڕیوە، ئەمجار دەتوانی وەگەڕی بخات، یانی دەتوانی کرێکار رایی بکات کە ڕۆژێکی تەواو بۆ وینە ١٢ سەعات کار بکات. ئەم کرێگرتەیە بە بەرهەمی کاری خۆی لە ماوەی شەش سەعاتی یەکەمدا **(ماوەی کاری پێویست)** دەتوانێ خەرج و مەسرەفی ڕاگرتنەکەی خۆی، واتە کرێکەی قەرەبو بکاتەوە، یان دەری بێنێتەوە. ئەم کرێکارە لە ماوەی شەش سەعاتی دوهەم دا **(ماوەی کاری زیادە)** بەروبوم یاخود زێدەباییەک بەرهەم دەهێنێ کە سەرمایەدار بۆ ئەم ماوەیە هیچ پولێکی بۆ نەبژاردوە. کەوابو سەرمایە لە ڕەوتی بەرهەم هێناندا دەکرێ بە دوو بەش کە دەبێ لێکیان هەڵاوێرین:

١. **سەرمایەی نەگۆڕ**، کە بۆ کڕینی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان تەرخان کراوە (واتە مەکینە و پێداویستییەکانی، کەرەسەی خاو، ئامێری کار و هیتر...) و نرخەکەشی بە بێ کەموزۆر یەک یان بە چەند جێ دەچێتە سەر ئەو بەروبومەی کە بەرهەم هاتووە و (بەرە بەرە دەچێتەوە جێگاکەی خۆی).

---

هەروەها بۆ پراکتیکی کۆمەڵایەتی یان بۆ دیاریکردنی ئەرکە سەرەکیەکان و پێداویستییەکانی ڕۆژ گەلێک پێویستن. قانونە کۆمەڵایەتییەکان لە جەرگە و هەناوی ئەو بابەتە گرینگانە و پێوەندییەکانی نێوانیان دێتە دەرەوە.
مەبەستم لەو ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە بە خوێنەری ئازیز بڵێم کە ئەم باسەی لنین لێرەدا زۆر چڕوپڕە و گۆزەیەکە لە دەریا و ڕەنگە پێویست بەوە بکات کە بۆ شارەزایی زیاتر پەنا بۆ باسی تێروتەسەلی تایبەت بەو باسانە ببردرێ. لنین ئەم نووسراوەی لەسەر داوای فەرهەنگستانی «گرانات»ی ڕووسی لە ساڵی ١٩١٤دا نووسیوە، دەبوو پێویستی کورتبوونەکەی کە بۆ فەرهەنگستانێک بشێ، لەبەر چاو گرتبا. لنین زۆر وەستایانە و سەرکەوتوانە ئەم باشترین کورتەیەی لەسەر مارکس و ڕوانگەکانی هێناوەتە بەرهەم، کە لە نەوعی خویدا چاکترینە. (وەرگێڕی کوردی)

[١٢]ـ بڕواننە وەرگێڕدراوی فارسی ئەم بەرهەمە, بەرگی یەکەم لاپەڕەی ١٨١

[١٣] بڕواننە وەرگێڕدراوی فارسی "کاپیتاڵ", بەرگی یەکەم, لاپەڕەی ١٧٩

٢. **سەرمایەی بگۆڕ**، کە بۆ کرینی هێزی کار تەرخان کراوە. ئەرزشی ئەم سەرمایە گۆڕانی بەسەردا دیت و لە ڕەوتی کاردا دەچێتە سەر و زێدەبایی دەخوڵقێنێ.

بۆ ئەوەی بمانەوێ پلەی چەوساندنەوەی کرێکار بە دەستی سەرمایەدار دیاری بکەین دەبێ زێدەبایی بەدەست هاتوو تەنیا بە پێی سەرمایەی بگۆڕ هەڵسەنگێنین، نەک سەرجەمی سەرمایە بە هەر دوو بەشەکەیەوە. لەو نمونەیەی کە باسمان کرد زێدە بایی[١٤] بریتی دەبێ لە شەش سەعات بەسەر شەش سەعاتدا، واتە لەسەدا سەد.

هۆکان و بواری مێژوویی سەرهەڵدانی سەرمایەش بریتین لە:

- کەڵەکە بوونی پوڵێکی مۆڵی دیاریکراو لە دەستی کەسانێکی تاکوتەرا و لێرەولەوێ (منفرد) ئەویش لە کاتێکدا کە بەگشتی بەرهەمهێنانی کالایی گەیشتبێتە ئاستێکی کەم تا زۆر بەرز.
- بوونی کرێکارێک کە بە دوو مانا ئازادە: ـ بەو مانایەی کە بۆ فرۆشتنی هێزی کارەکەی هیچ کۆسپێکی لەبەردەمدا نیە ـ هەروەها ئازادە بەو مانایەی کە بە گشتی خاوەنی زەوی و هیچ هۆیەکی بەرهەم هێنان بۆ خۆی نیە، یانی کرێکاری بێ خاوەن، کرێکاری«پرۆلتێر» کە بۆ زیندوو مانەوە جگە لە فرۆشتنی هێزی کارەکەی هیچ چارەیەکی دیکەی نیە.

دەکرێ ئاست و ڕادەی زێدەبایی بە دوو شێوەی سەرەکی بەرز بکرێتەوە:

١. لە ڕێگای درێژکردنەوەی ماوەی کاری ڕۆژانە کە پێی دەوترێ«زێدەبایی چەسپاو» یان موتڵەق.
٢. لە ڕێگای کورتکردنەوەی ماوەی کاری پێویست، کە پێی دەوترێ«زێدەبایی ڕێژەیی» یان نسبی.

کاتێ مارکس بەکارهێنانی شێوەی یەکەم شیی دەکاتەوە، تابلۆیەکی بەرین و مەزن لە خەباتی چینی کرێکار لەپێناو کورتکردنەوەی ماوەی کاری ڕۆژانە لە لایەک و دەخاڵەتی«دژە کرێکاری» دەولەت لە لایەکیتر دەخاتە بەرچاو. کە سەرەتا بۆ درێژکردنەوەی ماوەی کاری ڕۆژانە (سەدەکانی ١٤ تا ١٧) خۆی دەردەخست و پاشان بە مەبەستی کورتکردنەوەی ماوەی کاری ڕۆژانە (قانونەکانی کاری سەدەی نۆزدە) لە گۆڕێدا بوو. مێژووی بزوتنەوەی کرێکاری وڵاتانی پێشکەوتوی جیهانیش لە «کاپیتاڵ» بەم لاوە بە هەزاران جار ئەم تابلۆیەی ڕەنگینتر و مەزنتر، هەروەها بە ماتریاڵی نوێ و تازەتر خستۆتە پێش چاوان.

مارکس وێڕای یەکالاکردنی «زێدەبایی ڕێژەیی» سێ قۆناغی سەرەکی مێژووییش لە بەرزبونەوەی ئاستی قازانجبەخشی کار لە لایەن سەرمایەدارییەوە ناو دەبات و شییان دەکاتەوە:

١. هاوکاری سادە.
٢. دابەشکردنی کار و مانۆفاکتۆر
٣. ماشینیزم و پیشەسازی گەورە.

لە توێژینەوەی ڕەوتی سەنایعی «پیشەوەریی» ڕوسیادا زۆرچاک دوو قۆناغی یەکەم واتە هاوکاری سادە و مانۆفاکتۆر دەبینین. لێرەدا دەردەکەوێ کە مارکس چەندە بە قووڵیی تایبەتمەندییە بناخەیی و نمونەییەکانی سەرمایەداری دۆزیوەتەوە و دەریبڕیوە . ئەو شوێنەوارە شۆڕش هێنەری پیشەسازی گەورەی ماشینی کە مارکس لە ساڵی ١٨٦٧دا ناوی لێ دەبات، لە ماوەی ئەم پەنجا ساڵەی دواییەشدا(پاش ئەم دەربڕینانەی مارکس) لە چەندین وڵاتی نوێشدا دەرکەوتووە و دەبیندرێن (ڕوسیا، ژاپۆن و هیتر)

هەروەها لە فێرکردە ئابورییەکانی مارکسدا مەسەلەی کەڵەکەبونی سەرمایەش، یانی گۆڕانی بەشێک لە زێدەبایی بە سەرمایە و وەگەڕخستنی بۆ بەرهەمهێنانی نوێ نەک بۆ پێداویستی و مەیل و حەزی سەرمایەدار بۆخۆی بابەتێکی یەکجار گرینگ و تازەیە. لێرەدا مارکس هەڵەکانی ئابوری سیاسی کلاسیکی پێشوو، لە «ئادام ئیسمیت» بەم‌لاوەی دەرخست. ئابوری سیاسی کلاسیکی کۆن پێی‌وابوو، هەموو ئەو زێدەباییەی کە دەبێتەوە بە سەرمایە لە بەشی سەرمایەی بگۆرە، بەلام لە ڕاستیدا زێدەبایی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و سەرمایەی بگۆردا دەشکێتەوە. بەرزبونەوەی خێراتری بەشی سەرمایەی نەگۆر ـ لە سەرجەمی سەرمایەدا و لە چاو بەشە بگۆرەکەی ـ لە ڕەوتی گەشە و پێگەیشتنی سەرمایەداری بەرەو سوسیالیزم، گرینگییەکی گەورەی هەیە.

---

[١٤] ـ ئەمە ناوێکە کە مارکس لەسەری داناوە.

هەرچی سەرمایە زیاتر کەڵەکە ببێ، ماشینیش هێندە خێراتر جێگای کرێکار دەگرێتەوە و لە سەرێک سەروەت و لە سەرێکی دیکە هەژاری دەخوڵقێنێ. لەم ڕێگایەشەوە «ئەرتەشی زەخیرەی کرێکاری»، «بێ کەڵک بوونی ڕێژەیی کرێکاران» یان «ئاپۆرەی زیادە جەمعییەتی سەرمایەداری» پێکدەهێنێ کە شکڵی زۆر جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرێ و ئەو دەرفەتە بە سەرمایەدار دەدا تا بە خێراییەکی لە ڕادەبەدەر ئاستی بەرهەمهێنان بباتەسەر. ئەوەش بڵێین کە ئەم دەرفەتە هاوپێوەند لەگەڵ برەویی و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە هۆکانی بەرهەمهێنان، کلیلی لێتێگەیشتنی قەیرانەکانی زیادە جەمعییەتیش دەدا بەدەستەوە، ئەو قەیرانانەی کە لە وڵاتانی سەرمایەداریدا ناو بە ناو سەرتا هەر دە ساڵ جارێک و پاشان لە ماوەی دورودرێژتر و نادیار دێتە پێش.

دەبێ کەڵەکە بوونی سەرمایە لە سەر بنەمای خودی سەرمایەداری لە «کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە» لێک جیا بکەینەوە. «کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە» یانی دابڕاندن و جیاکردنەوەی بەزۆرەملی بەرهەمهێنەر لە هۆکانی بەرهەمهێنان، دەرپەڕاندنی حوتیاران لەسەر زەوی‌وزارەکانیان، دزین و بەتاڵان بردنی زەوییە هەرەوەزییەکان (کمۆنەکان)، سیستمی کۆلۆنیالی، قەرزوقۆڵەی دەوڵەتی، تەعرەفەی پشتگیری کردن و هیتر.... «کەڵەکەبوونی سەرەتایی سەرمایە» لەسەرێک «پرولتێری ئازاد» و لەسەرێکی دیکە خاوەن پوڵ یانی سەرمایەدار دەخوڵقێنێ.

مارکس لەم چەند ڕستە بەناوبانگەیدا " مەیلی مێژوویی کەڵەکە بوونی سەرمایە وەسف دەکا:

«نەهێشتنی خاوەنیەتی[15] خۆبەرهەم هێنەران بە بێ بەزەییانەترین وێرانکاریی کوێرانە و لە ژێر شوێنەواری بێ شەرمانەترین، پیسترین و سووکترین مەیل و حەزی نەفرەت لێکراو بەڕێوە چووە. ئەم خاوەنیەتییە دەسرەنج و بەرهەمی تاکە کەس بوو، خاوەنیەتییەک بوو کە دەتوانین بڵێین لەسەر ئەساسی پێوەندی کارکەری خۆبەرهەم هێنەری بە تاک لە گەڵ هۆی کارەکەی دامەزراوە. ئەم خاوەنیەتییە بەدەستی خاوەنیەتی تایبەتی سەرمایەدارییە ـ کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوەی هێزی کاری بەرواڵەت «ئازاد»ی بێگانە دارێژراوە ـ لە مەیدان دەردەکرێ. کاتێک نەهێشتنی خاوەنیەتی کارکەرێک کە ئابوورییەکی سەربەخۆی هەیە لە گۆڕیدا نامێنێ، ئەمجار نۆرە دەگاتە نەهێشتنی خاوەنیەتی سەرمایەدارێک کە خۆی ژمارەیەکی زۆر کرێکار دەچەوسێنێتەوە[١٦]. ئەم نەهێشتنەش لە ڕێگای گەمەی قانونە زاتی و دەرونییەکانی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە ڕێگای کۆبەستی[١٧] سەرمایەکان بەڕێوە دەچێ. (بەمجۆرە) سەرمایەدارێک ژمارەیەک سەرمایەداری دیکە بەچۆکدا دەهێنێ. لەگەڵ ئەم کۆبەستە و شان بە شانی نەهێشتنی خاوەنیەتی ژمارەیەکی زۆر لە سەرمایەدارەکان لە لایەن ژمارەیەکی کەمیان، لە ڕەوتی کاریشدا شێوەی هاوکاری لە ئاستێکی بەردەوام ڕوو لە گەشە پەرە دەسێنێ و بەکارهێنانی بەدانستەی زانست لە کاروباری فەننی، کەڵک وەرگرتن بە بەرنامە لە زەوی، گۆڕینی ئامرازەکانی کار بەو ئامرازانەی کە تەنیا بە کاری بەکۆمەڵ دەکەوێتە گەڕ، دەستپێوەگرتن لە هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە ڕێگای کەڵک لێوەرگرتنیان وەک ئامرازی بەرهەم هێنانی پێکەوە گرێدراوی کۆمەڵایەتی، هەروەها پێکەوە گرێدانی هەموو گەلان لە ڕایەڵەی بازاری جیهانی و بە شوێن ئەویشدا تایبەتمەندی نێونەتەوەیی سیستەمی سەرمایداری پێدەگات و گەشە دەسێنێ. بە کەم بونەوەی بەردەوامی ژمارەی گەورە سەرمایەدارەکان ـ ئەوانەی دەستیان بەسەر هەموو قازانجەکانی ئەم ڕەوتی گۆڕانکارییانەدا گرتووە و خستویانەتە پاوانی خۆیان ـ ئاست و بارستایی هەژاری، زۆرداریکردن، کۆیلەتی و فەساد و چەوساندنەوە دچێتەسەر. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ڕقوتوڕەیی چینی کرێکار زیاتر دەبێ، چینێک کە میکانیزمی ڕەوتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بۆخۆی باری هێناوە، یەکگرتوو و ڕێکخراوی دەکات. پاوان بوونی سەرمایە دەبێتە کۆت و کۆسپی ئەو شێوە بەرهەمهێنانەی کە بۆخۆی لە گەڵیدا و لە سێبەریدا سەری دەرهێناوە. کۆبەستی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و کۆمەڵایەتی بوونی کاریش دەگاتە نوختەیەکی وەها کە ئیتر لەگەڵ توێکڵە سەرمایەدارییەکەیدا یەک نایەتەوە، ئەم

[١٥] ـ خاوەنیەتی واتە مالکیت

[١٦] ـ سەرمایەداری بچوک بە دەستی سەرمایەداری گەورە وەلا دەنرێ، لای خۆمان دەوترێ ماسی گەورە ماسی بچوک قوت دەدات. (و ـ کوردی)

[١٧] ـ کۆبەست واتە تمرکز

تویکڵە دەپسێ و سەروەختی مەرگی سەرمایەداری پێدەگا. خاوەنیەتی لەو کەسانە دەسێندرێتەوە کە خۆیان کەسانی دیکەیان لە خاوەنیەتی دەخست.»[18]

پاشان مارکس لە بەرگی دوهەمی "کاپیتاڵ"دا شەرح و لێکدانەوەیەک لەسەر بەرهەم هاتنەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەگشتی دەدا بەدەستەوە کە شتێکی تازەیە و گرینگییەکی یەگجار زۆری هەیە. مارکس لێرەشدا تەنیا یەک دیاردەی بەتاک یان بەشێکی بچوک لە ئابوری کۆمەڵگا ناخاتە بەرچاو، بەڵکو دیاردەی گشتی و سەرجەمی ئابوری کۆمەڵگا بەتێکڕا دەبینێ. مارکس لەم باسەدا وێڕای ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئابوریزانەکانی کلاسیک کە پێشتر ئیشارەمان پێکرد، بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بەسەر دوو بەشی گەورەدا دابەش دەکات:

- بەرهەم هێنانی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان
- بەرهەم هێنانی شمەک و کەل و پەل بۆ بەکارهێنان (مصرفی)

مارکس بەو ئامار و سەرژمێرییانەی کە وەک نمونە هێناویەتییەوە بە تێروتەسەلی گەڕان و گەردشی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەسەرجەم  لێکدەداتەوە، هەم لە حالەتێکدا کە بەرهەم هاتنەوە لە ئاست و بارستایی پێشودا بمێنێتەوە، هەم لەو حاڵەتەشدا کە سەرمایە کەڵەکە ببێ. مارکس لە بەرگی سێهەمی کاپیتاڵیشدا بە پێی قانونی ئەرزش گرێی چۆنیەتی پێکهاتنی نرخی ناونجی قازانج دەکاتەوە. ئەم لێکۆڵینەوانەی مارکس لە ڕوانگەی دیاردە گشتی و کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان و لەسەر ئەساسی سەرجەمی ئابوری کۆمەڵگا داڕێژراوە، نەک لە ڕوانگەی ڕوداوی بەتاک و تاقانە یان ڕواڵەتە رووکەشییەکانی ململانێ کە ئابوری سیاسی ڕەشۆکی یان هەرەمە[19] زۆرجار پشتی پێدەبەستێ و بە تیۆری هاوچەرخی « زۆرترین سوودبەخشی» دێنە مەیدان. لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەکانی مارکس هەنگاوێکی مەزنە کە زانستە ئابورییەکان لە سیما و سۆنگەی مارکسەوە بەرەوپێش هەڵیگرتووە.

مارکس لەم باسانەیدا سەرەتا سەرچاوەی زێدەبایی لێکدەداتەوە و پاشان لە مەسەلەی چۆنیەتی دابەشبونی زێدەبایی لەنێوان قازانج، سووی سەلەم[20] و هەروەها سووی زەوین دەکۆڵێتەوە. قازانج بریتییە لە ڕێژەی زێدەبایی لەچاو سەرجەمی ئەو سەرمایەی کە بۆ دامەزراوەیەک تەرخان کراوە. هەر سەرمایەیەک کە ڕێژەی بەشە نەگۆڕەکەی لەچاو بەشەکەی دیکە واتە سەرمایەی بگۆڕ زیاتر بێت لە ڕادەی ناونجی کۆمەڵایەتی، ئەوا نرخی سودێکی کەمتر لەنرخی ناونجی دەدا بەدەستەوە. بەپێچەوانەش ئەو کاتەی کە ڕێژەی سەرمایەی نەگۆڕ لەچاو سەرمایەی بگۆڕی کەمتر بێ لە ڕادەی ناونجی کۆمەڵایەتی، ئەوا نرخی سودەکەشی پتر دەبێ لەئاستی ناوندی. بەڵام ململانێی سەرمایەکان و ڕاگوێزانی سەربەستانەی سەرمایە لەم بەش بۆ بەشێکی دیکەی بەرهەم هێنان نرخی سود یان قازانج لە هەر دوک باراندا بەرەو نرخی ناوندی ڕادەکێشێ. هەمو کالاکانی ناو کۆمەڵگایەک لەگەڵ بارستایی نرخەکانیان بەگشتی یەک دێتەوە و بەرابەرن، بەڵام کالاکان لە دامودەزگای جیاجیا و لە بەشە جۆربەجۆرەکانی بەرهەمهێناندا بەپێی بایی خۆیان نافرۆشرێن، بەڵکو بە قیمەتی بەرهەمهاتوو دەفرۆشرێن کە لە ئەنجامی ململانێ بەدەست دێ. قیمەتی بەرهەم هاتو بەرابەرە لە گەڵ سەرمایەی مەسرەفکراو و سودی ناوندی.

بەمجۆرە مارکس ئەم ڕاستییە ئاشکراو و حاشاهەڵنەگرە بەتەواوی لەسەر ئەساسی قانونی ئەرزش روون دەکاتەوە  کە قیمەتەکان لە گەڵ ئەرزشەکان یەک نایەنەوە و قازانجەکان بەرابەرن. چونکا کۆی تێکڕای ئەرزشەکان لەگەڵ کۆی سەرجەمی قیمەتەکان یەک دێنەوە. بەڵام ئەرزشە کۆمەڵایەتییەکان هەروا بە سادەیی و ڕاستەوخۆ ناگۆڕدرێن بە قیمەتە بە تاکەکان، بەڵکو ڕەوتێکی زۆر ئاڵۆز دەپێون: زۆر ئاشکرا و ئاساییە کە لەناو کۆمەڵی بەرهەمهێنەرانی پرژوبڵاوی کالادا ـ کە تەنیا بازار پێکەوە گرێی داون ـ هەر قانونمەندییەک تەنیا دەتوانێ بە شێوەی قانونمەندی ناونجی، کۆمەڵایەتی، تێکڕایی و بوکۆمەڵ، هەروەها لە ڕێگای پوچەڵکردنەوەی لادانە تاکە کەسییەکان بەملا یان بەولادا دەربخات.

بردنەسەرەوەی قازانج بەخشی کار ئەوە دەخوازێ کە سەرمایەی نەگۆڕ لەچاو سەرمایەی بگۆڕ بە خێراییەکی هەرچی زیاتر پەرە بستێنێ. لەبەر ئەوەی کە تەنیا سەرمایەی بگۆڕ زێدەبایی دەخولقێنێ، ئاشکرایە کە

---

[18] ـ بڕواننە وەرگێڕدراوی فارسی "کاپیتاڵ"، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٦٩٠و ٦٩١

[19] ـ ڕەشۆکی یان هەرەمە واتە عامیگرا

[20] ـسووسەلەم واتە بهره، ربح

نرخی سوود(واته ڕێژەی زێدەبایی بە سەرجەمی سەرمایە، نەک هەر بە بەشە نەگۆڕەکەی) مەیلی بەرەو هاتنەخوارەوەی هەیە. مارکس بەتێر و تەسەلی ئەم هاتنەخوارەوە و هێندێک هۆی پێش پێگرتن، یان ئەو هۆیانەی کە ئەم مەسەلەیە لەبەر چاوان ون دەکات، شیی دەکاتەوە. ئێمە لە شەرح و شییکردنەوەی بەشە زۆر سەرنج ڕاکێشەکانی بەرگی سێهەمی " کاپیتاڵ" ، کە بۆ سەرمایەی ڕبایی، بازرگانی و پوڵی تەرخانکراوە چاوپۆشی دەکەین و تەنیا چاوێک بەسەر سەرەکی ترینی ئەو بەشانە واتە تئۆری **بەهرەی زەوین** دەخشێنین.

بەرتەسک بوونی ڕوپێوی زەوین . کە لە وڵاتانی سەرمایەداریدا هەموی لە ژێر دەستی خاوەن زەوی و زاری جیاجیا دایە . دەبێتە هۆی ئەوەی کە قیمەتی بەرهەم هاتووی بەروبومە کشت و کاڵییەکان بە پێی خەرج و مەسرەفی بەرهەم هاتن لە عەرزی نە زۆر چاک و نە زۆر خراب و بە پێی هەلومەرجی ڕاگوێزانی نە زۆر چاک و نە زۆر خراب بۆ ناو بازار دیاری نەکرێ، بەڵکو بە پێی هەزینەی خرابترین عەرز و لە ڕووی هەزینەی خرابترین هەلومەرجی ڕاگوێزانی بەروبومەکان بۆ ناو بازار دیاری بکرێ. بە جیاوازی نێوان ئەم نرخە و نرخی بەرهەمهاتن لە عەرزی چاکتر و لە هەل و مەرجی باشتر دەوترێ بەهرەی تەفزیلی یان دیفرانسیل. مارکس وردبینانە ئەم بەهرەیەی هەم لە حاڵەتی چاک و خراپی عرەزەکان و هەم لە حاڵەتی نایەک دەستبوونی ئاستی سەرمایەگوزارییەکانی لەم بوارەدا تاووتوێ کرد و سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەم بەهرەیەی دەرخست و بە تەواوی هەڵەی«ریکاردۆ»ی ئاشکرا کرد کە گوایە بەهرەی تەفزیلی تەنیا کاتێک بە دەست دێت کە بەردەوام لە عەرزە چاکەکان بەرەو خراپەکان تێپەڕ بین[21]. لە ڕاستیشدا لەوانەیە ئەم تێپەڕبوونە بە پێچەوانە بێ، لەوانەیە عەرزەکان لە پلەیەکی دیاریکراوەوە بە هۆی پێشکەوتنی شێوازەکانی کشتوکاڵی یان بەرەوپێشچوونی شارەکان و هیتر بچنە پلەیەکی دیکە. یاسای «هاتنەخوارەوەی پرپیتی عەرزەکان» یش کە ناوبانگی دەرکردووە بە تەواوەتی شتێکی هەڵە و ناراستە. ئەم یاسایە کەموکوڕییەکان، کۆسپ و تەگەرەکان و دژایەتییەکانی سەرمایەداری دەخاتە ئەستۆی سروشت. هەروەها قازانجی یەکدەست لە هەموو لقەکانی پیشەسازی و بە گشتی لە هەموو لقەکانی ئابوری نەتەوەی ئەوە دەخوازی کە ئازادی ملمڵانێ و ئازادی بێئەملاولای ڕاگوێزانی سەرمایە . لە لقێکەوە بۆ لقێکیتر. بە تەواوەتی وجودی هەبێ ، لە حاڵەتێکدا کە خاوەنیەتی تایبەتی بە سەر عەرز بۆ خۆی پاوانهێنەرە و بەری ڕاگوێزانی ئازادانەی سەرمایە دەگرێ. نرخی قازانجی بەروبومی کشتوکاڵی بە هۆی لەخوارەوەبونی ڕێژەی سەرمایەی نەگۆڕ لەچاو سەرمایەی بگۆڕ لەسەرەوەیە و بە هۆی پاوانکاریش ڕەوتی هاوسەنگ کردنی قازانج ئازادانە ناچێتە پێش و خاوان زەوی کە پاوانخوازە ئیمکانی ئەوەی بۆ دەخولقێ کە قیمەتەکان زیاتر لە ئاستی ناوەندی ڕابگرێ. هەر ئەم نرخی پاوانکارییەیە کە «بەهرەی موتڵەقیش» لە دایک دەبێ. تا کاتێ سەرمایەداری وجودی هەبێ بەهرەی تەفزیلی لە نێو ناچێ، بەڵام دەکرێ بەهرەی موتڵەق نەمێنێ; بۆ نمونە دەکرێ لە ڕێگای خۆماڵی کردنی زەوین و خستنە ژێردەستی دەوڵەت بەهرەی موتڵەق لە نێو بچێ. ئەم بە خاوەن گرتنەی دەوڵەت لە زەوی و زار بەو مانایەیە کە پاوانخوازی خاوەن زەوی و زارە تایبەتییەکان دەشکێ و بە شێوەیەکی تەواوتر و شێلگیرانەتر ڕێگا بۆ ململانێی ئازاد لە کاروباری کشتوکاڵیدا دەکاتەوە. هەر بەم هۆیەشە کە بورژوا ڕادیکاڵەکان زۆرجار لە مێژوودا پێشنیاری پێشکەوت

وانەی خۆماڵی کردنی زەوی و زاریان هێناوەتە گۆڕێ. بەڵام پێشنیارێکی وا زۆربەی بورژواکان دەتۆقێنێ، چونکا زۆر لە نزیکەوە پاوانخوازییەکی دیکەش کە لە سەردەمی ئێمەدا بەتایبەت زۆر گرینگ و «ناسکە» واتە بە گشتی پاوانکردنی هۆکانی بەرهەمهێنان «دەگرێتەوە»[22]

لە باسی پێشینە و مێژووی بەهرەی زوریشدا دەبێ سەرنج بدرێتە ئەو بەشە لە لێکۆڵینەوەکانی مارکس کە تێیدا ڕەوتی گۆڕانی بێگاری بە بەهرەی ڕێژەیی یان بەهرەی تەبیعی، پاشان بە بەهرەی پووڵی و سەرەنجام بە

---

[21] بروانە تیۆری " زێدەبایی" کە تێیدا بەتایبەت ڕەخنە لە "ڕۆد بێرتۆس Rod bertos شیاوی سەرنجە.

[22] مارکس لە نامەی ڕۆژی ٢ی ئوتی ساڵی ١٨٦٢دا بۆ ئینگێلس زۆر بە ڕونی و بە پوختی، بە جۆرێک کە هەموو کەس تێی بگات، تیوری خۆی لە بابەت سودی ناونجی سەرمایە و بەهرەی موتڵڵەق بەیان دەکات. هەروەها بروانەنامەی ٩ی ئوتی ١٨٦١.

بەهرەی سەرمایەداری نیشان دەدریٚ[٢٣]. جیٚگای خۆیەتی لە پێوەندی لە گەڵ «گەراكانی بەهرەی سەرمایەداری زەوین» قامک بخەینە سەر چەندین بۆچونی زۆر قوڵی مارکس سەبارەت بە **گۆڕانکاری سەرمایەداری لە کشتوکاڵ**، کە بەتایبەت بۆ وڵاتانێکی دواکەوتوی وەک روسیا گرینگن. «چینێکی کرێگرتەی بێئەنوا کە رۆژانە بە پوڵ کاردەکەن نە تەنیا بەشێوەیەکی لەچار نەهاتوو پێ بە پێی گۆڕانی بەهرەی تەبیعی بە بەهرەی پوڵی پێک دێت، بەڵکو تەنانەت بەر لەویش سەر هەڵدەدا. ئەم چینە سەرەتا ئەو دەمی کە وەک پۆرگی تاکوتەرا لێرولەوێ سەر هەڵدەدەن، لەناو جەرگەی جوتیارانی تا ڕادەیەک تێر کە خۆشیان ملکانە دەدەن، ئەم خووە دەبێتە باو و پەرە دەسێنێ کە کرێکارانی رۆژکار بەحسابی خۆیان بچەوسێننەوە. لەسەردەمی دەربەگایەتیشدا جوتیارانێکی تێری وا هەبوون کە هەرچەند خۆشیان سەر بە ئاغایەک بوون بەڵام لە هەمان حاڵدا ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان جوتیاری بەستراوەیان ڕادەگرت. بەمجۆرە ئەم جوتیارانە بەرەبەرە دەرفەتێکی ئەوتۆیان بۆ هەڵدەکەوێ هەتا سەروەت و سامانێک پێکەوە بنێن و ببن بە سەرمایەدارانی دوارۆژ. لەئەنجامدا لە ناو خاوەن زەوی و زارەکانی پێشوودا کە ئابورییەکی سەربەخۆیان هەیە، شەتڵگایەک بۆ چاندنی ئیجارەدارانی سەرمایەدار دروست بێ. هەڵدانی گشتی سەرمایەداری لە دەرەوەی کشتوکاڵیش بۆخۆی ڕێگا خۆشکەر و هۆی پەرەساندنیانە."[24]».... «ئەستاندنەوەی خاوەنیەتی لە بەشێک لە دێ نشینەکان و دەرکردنیان لە دێ نەتەنیا کرێکار و هۆکانی ژیان و ئامرازی کارەکانیان بۆ سەرمایەی پیشەسازی «ئازاد» دەکات، بەڵکو بازاری ناوخۆییش پێکدەهێنێ.[٢٥]» ... دەستەنگی و مایەپوچبوونی بەشێک لە دێ نشینەکان بەنۆرەی خۆی دەوری هەیە لە پێکهاتنی ئەرتەشی پاشەکەوتکراوی کرێکاری بۆ سەرمایە. هەر بەم هۆیە لەهەر وڵاتێکی سەرمایەداریدا بەردەوام بەشێک لە جەماوەری دێ نشین بەرەو تێکەڵبوون بە حەشیمەتی ناوشاری غەیرە کشتوکاڵی یان مانۆفاکتۆری دەرۆن. ئەم سەرچاوەی زێدە جەمعییەتە کەم و زۆر و بە بەردەوامی وجودی هەیە و لە گەڕدایە... کرێی کرێکاری کشت و کاڵ تا ئاستی نزمترین پلەی حەقدەست دەهێننە خوار و بەردەوام قاغێکی لاناو زەلکاوی دەستەنگی و هەژاریدایە"[٢٦]»

خاوەنیەتی تایبەتی جوتیار بەسەر زەوی و زارێکدا کە کاری لەسەر دەکا، بنەمای بەرهەمهێنانی چکۆلە و مەرجی گەشەساندن و قەوارەگرتنی کلاسیکی بەرهەمهێنانی چکۆلەی کشتوکاڵییە. بەڵام ئەم بەرهەمهێنانە بچوکە تەنیا لە گەڵ بەرهەمهێنان و کۆمەڵگای سەرەتاییدا یەک دێتەوە. « لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا چەوساندنەوەی جوتیار تەنیا لە رواڵەتدا لەگەڵ چەوساندنەوەی کرێکاری پیشەسازی جیاوازی هەیە. هەردوکیان یەک چەوسێنەریان هەیە، ئەویش سەرمایەیە. تاکە تاکەی خاوەن سەرمایەکان لە ڕێگای رەهن و سو و سەلەمەوە یەکە یەکەی جوتیاران دەچەوسێننەوە. بەڵام چینی سەرمایەدار لە ڕێگایماڵیاتی دەولەتییەوە چینی جوتیار دەچەوسێننەوە»[٢٧]. «جوتیار (جوتبەندە) موچەیەکی بچوکی[٢٨] هەیە کە (پارسل)ی پێدەڵێن، ئەم مووچەیە تەنیا بیانویەکە کە ڕێگا بە سەرمایەدار دەدات تا قازانج و سووی قازانج و ملکانە لە زەوی دەردەکێشێ و لەو لاش کابرای جووتبەندە «بەرەڵا» دەکات ئیتر

---

[٢٣] ـ بێگاری: کاتێکە کە جوتیار بە کاری خۆی زەوی ئاغا دەکێڵێ و زێدە بەروبووم بەدەست دێنێ و بۆخوی چی بەرناکەوێ.

ـ بەهرەی ڕێژەیی یان تەبیعی: کاتێکە کە جوتیار لە زەوینی خۆیدا زێدە بەروبووم بەدەست دێنێ و بەهۆی " زۆرەملی عەیرە ئابوری دەیدا بە ئاغا.

ـ بەهرەی پوڵی: هەمان بەهرەی تەبیعییە کە بە هۆی هەڵدانی بەرهەمهێنانی کالاییەوە گۆڕدراوە بە پووڵ.

ـ بەهرەی سەرمایەداری: کە تێیدا وەرزێری سەرمایەدار جێگای جوتیاری گرتۆتەوە و بە یارمەتی کاری کرێ گرتە کاری کشت و کاڵی دەکات.

[٢٤] ـ کاپیتاڵ بەرگی سێهەم.

[٢٥] ـ کاپیتاڵ، بەرگی یەکەم. لە وەرگێردراوی فارسیدا لاپەرەی ٦٧٧.

[٢٦] ـ هەمان سەرچاوە لاپەرەکانی ٥٨٠ و ٥٨١.

[٢٧] ـ خەباتی چینایەتی لە فەرانسە.

[٢٨] ـ کێڵگەی بەشی ماڵێکی جووت بەندە. هەمان سەرچاوە

کەیفی خۆی چۆن حەقدەست و بژیوی خۆی بەدەست دەهێنێ"[٢٩]. جوتیار تەنانەت زۆرجار بەشێک لە حەقدەستەکانی خۆشی دەدا بە کۆمەڵگای کاپیتالیستی واتە چینی سەرمایەدار و«هەتا ئاستی ئیجارەداری ئیرلەندی کە بە رواڵەت خاوەنیەتی تایبەتی هەیە، دیتەخوار». «بۆچی لە وڵاتێکدا کە وردەخاوەنیەتی جوتیاری باڵادەستە نرخی نان هەرزانترە لەو وڵاتانەی کە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری باڵی بەسەردا ڕاکێشاوە؟[٣٠]» یەکێک لە هۆکانی ئەوەیە کە جوتیار بەشێک لە زێدە بەروبوومی خۆی بەخۆڕایی دەدا بە کۆمەڵگا واتە چینی سەرمایەدار.«لەم ڕووەوە نرخێکی وەها هەرزان ـ بۆ نان و بەروبومەکانی کشت و کاڵی ـ بە هیچ جۆرێک ئەنجامی قازانج بەخشی کاری بەرهەمهێنەرەکان نیە، بەڵکو لە هەژارییاندایە"[٣١]» خاوەنیەتی بچوکی زەوی و زار. کە قەوارەی ئاسایی بەرهەمهێنانی بچوکە ـ لەسەردەمی سەرمایەداریدا دەشکێ، لەنێو دەچێ و دەمرێ. «خاوەنیەتی بچوکی زەوی بە پێی جەوهەر و ناوەرۆکی خۆی لەگەڵ هەڵدانی هێزە بەرهەمهێنەرە کۆمەڵایەتیەکان، لەگەڵ شێوەکانی کۆمەڵایەتی کار، لەگەڵ کۆبەستی کۆمەڵایەتی سەرمایەکان، لەگەڵ ئاژەڵداری گەورە و مکانیزە، هەروەها لەگەڵ بەکارهێنانی هەرچی زیاتری زانست و تکنۆلۆژی ناکۆکی و نەیاری هەیە. سوو و سەلەم و سیستمی باج و سەرانە (مالیاتی) لەهەموو شوێنێکدا ئەمجۆرە خاوەنیەتییە بە بێ ئەملاولا بەرەو مایەپووتی و هەژاری دەبا. بەکارهێنانی سەرمایە بۆ کڕینی زەوی دەبێتە کۆسپێک و ناهێڵێ ئەم سەرمایە بۆ کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەی زەوی بەکاربێت. دابەشکردنی هەمیشەیی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بە ئامێر و بەشی بچوکتر، پرژوبڵاوی خودی بەرهەمهێنەرەکان، بەفیڕۆچوونی توانا و هێزی ئینسانی لە ئاستێکی بەرین و گەورە، خراپ و خراپتربوونی هەلومەرجی بەرهەمهێنان و گرانبوونی ئامرازەکانی بەرهەم لە قانوونەکانی خاوەنیەتی بچووکی زەوی یان «پارسل» بەحساب دێت. هەرەوەزییەکان واتە هاریکاری لەنێوان جوتیارانی مام ناوەندی کە دەوری بورژوایی زۆر پێشکەوتووخواز دەگێڕن، تارادەیەک بەری ئەم مەیلە واتە پرژوبڵاویی بەرهەمهێنەرەکان دەگرن، بەڵا نایفەوتێنن. هەروەها نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەم هەرەوەزییانە بۆ جوتیارانی دەسرۆیشتوو زۆر چاکە بەڵام بۆ جوتیارانی نادەسرۆیشتوو زۆر کەمتر کەڵکی هەیە، یان دەتوانین بڵێین بێ کەڵکە. هەر ئەم هەرەوەزییانەش دواتر دەبن بە چەوسێنەرانی کاری کرێ گرتەیی."[٣٢]

سەرمایەداری لە کشتوکاڵیشدا هەروەک پیشەسازی تەنیا بە قوربانیکردنی بەرهەمهێنەران دەتوانی ڕەوتی بەرهەمهێنای سەرلەنوێ ڕێکبخاتەوە. پرژوبڵاوی بەرینی کرێکارانی کشتوکاڵ هێزی ڕاوەستان و بەرگری کردنیان تێک دەشکێنێ، لەحاڵێکدا کە هێزی ڕاوەستان و بەرگری لەخۆکردنی کرێکارانی شاری بە هۆی لە دەوری یەک ئاڵان و کۆبوونەوەی لەدەوری یەک دەچێتەسەر. لە کشتوکاڵی نوێی سەرمایەداریشدا هەروەک پیشەسازی نوێی شاری، بردنەسەرەوەی قازانج بەخشی کار و خێرایی ئەم بردنەسەرەوەیە بە قیمەتی ڕماندن و کوێرکردنەوەی سەرچاوەی هەڵقوڵاوی هێزی کار بەدەست دێت» هەروەها هەر پێشکەوتنێک لە کشتوکاڵی سەرمایەداری، نەتەنیا پێشکەوتن لە هونەری تاڵانکردنی کرێکارانە، بەڵکوو لە هەمان حاڵدا بە پێشکەوتنێک لە ڕوتاندنەوە و تاڵانی زەوی بە حساب دێت... کە وابوو بنەرهەمهێنانی سەرمایەداری تکنیک و ڕێکخستنی ڕەوتی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بەجۆرێک پەرە پێدەدا کە لە هەمانحاڵدا سەرچاوەی هەرجۆرە سەروەتێک واتەزەوین و کرێکار دادەروخێنێ".[٣٣]

کۆتایی بەشی چوارەم

---

29 هەژدەی برومێر. لە وەرگێردراوی فارسیدا لاپەڕەکانی ٩٦ و ٩٧.

30 کاپیتاڵ بەرگی سێهەم.

31 کاپیتاڵ بەرگی سێهەم

32 کاپیتاڵ بەرگی سێهەم.

33 کاپیتاڵ بەرگی یەکەم، کۆتایی فەسڵی ١٣.